**پێشنیازە یاسای**

# لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی کوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەو ئامانج و ئامرازەکان

**ماددەی (١)**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق

دووەم / لیژنە: لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی کوردستان-عێراق

سێیەم / کۆمەڵەی گشتی: کۆمەڵەی گشتی لیژنە.

چوارەم/ نوسینگەی ڕاپەراندن: نوسینگەی ڕاپەڕاندنی لیژنە.

پێنجەم/ سەرۆك: سەرۆکی لیژنە.

شەشەم/ یەکێتیە وەرزشیەکان: دامەزراوەیەکیوەرزشیە، یاریەکی وەرزشی ئۆڵمپی یان نا ئۆڵمپی یان جۆریی بەرێوەدەبات، بەپێی ڕێساو پەیرەوەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی ئەو یارییە.

حەوتەم/ نوێنەرایەتی لیژنە: دەستەیەکە نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆڵمپی دەکات لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان.

هەشتەم/ پەیماننامە: پەیماننامەی ئۆڵمپییە، تۆماری ئەو ڕێساوبنەما سەرەکیانەیە کەلیژنەی ئۆڵمپی نێودەوڵەتی پشتی پێ دەبەستێت.

نۆیەم/ پەیڕەوی ناوخۆ: پەیڕەوی ناوخۆی لیژنەی ئۆڵمپییە، کۆمەڵەی گشتی دایدەڕێژێ و لیژنە ڕەزامەندی لەسەر دەدات بەپێی پەیماننامەی ئۆڵمپی و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٢)**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە:

یەکەم/ ڕێکخستنی کاری لیژنە بۆگەیاندنی پەیامەکەی بەپێیپەیماننامە و پەیرەوە ناوخۆییەکەی.

دووەم/ جێگیرکردنی بنەماکانی لیژنەی ئۆڵمپی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی بانگهێشتکردن بۆ بزاوتی ئۆڵمپی و پاراستنی ڕێسا و بنەما ئۆڵمپییەکان.

سێیەم/ گەشەپێدانوپاڵپشتیوپاراستنوچاودێریکردنیبزاوتی ئۆڵمپی لە هەرێم.

چوارەم/ جێگیرکردنیبنەماینموونەباڵاکانوگیانیوەرزشیوبەرەنگاربوونەوەیووزەبەخشەکان.

**ماددەی(٣)**

ئامانجەکانیئەمیاسایەبەمئامرازانەی خوارەوەبەدیدەهێنرێن:

یەکەم/ ڕێکخستنیخولوپاڵەوانێتیهەرێمەکانوناوخۆیهەرێمیکوردستانودەوروبەری.

دووەم/ هاوکاریکردنییەکێتییەناوەندییەکانونوێنەرایەتییەکان لە ڕوویمەعنەوی و تەکنیکی و ماددییەوە.

سێیەم/ هەماهەنگیلەگەڵدەزگاوەرزشییەحکومیوناحکومییەکانو ڕێزگرتنلەنێوانیانهەرلایەنوبەگوێرەیدەسترۆییەکانی.

چوارەم/

ئامادەکردنیپێداویستییەکانیسەرکەوتنلەوبەشداریکردنانەیهەڵبژاردەکانیهەرێملەخولوپاڵەوانییەتەکانیی دەرەوەی هەرێم دەیانکات.

پێنجەم/ ئەنجامدانیخولوکۆڕبەندی تەکنیکی وکارگێڕییپێویستبۆگەشەپێدانیئەوانەیلەلیژنەویەکێتییەکانونوێنەرایەتییەکانکاردەکەن.

شەشەم/ ئامادەکردنیپلانوبەرنامەیپێویستبۆبەرزکردنەوەیتواناوبەجێهێنانیبەهای باڵایوەرزشیبەهەماهەنگیلەگەڵیەکێتییەوەرزشییەکاندا.

## بەشی دووەم

## دامەزراندن

**ماددەی (٤)**

یەکەم/ لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی کوردستان - عێراق) دادەمەزرێت و بەباڵاترین دامەزراوەی وەرزشی ناحکومی دادەنرێت بۆ بەڕێوەبردنی بزاوتی ئۆڵمپی لە هەرێم، کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆی دەبێت، بارەگاکەی لە هەولێر دەبێت،و مافی کردنەوەی نوێنەرایەتی لە شارو شارۆچکەکانهەیە، وکاردەکات بە پێی ئەم یاسایە و یاسا بەرکارەکان وپەیماننامەی ئۆڵمپی وبڕیارەکانی لیژنەی ئۆڵمپیی نێودەوڵەتی و پەیڕەوە ناوخۆییەکەی.

دووەم/ لیژنە سەرۆکێکی دەبێت بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١- عراقی بێت لە دانیشتوانی هەرێم یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٢- تەمەنی (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- لانی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت.

٤- ئەزموون و پسپۆری لەبواری وەرزشیدا هەبێت.

٥- به تاوانێکی ئابڕووبەرحوکم نەدرابێت.

سێیەم/ ئەرك و دەسترۆییەکانی سەرۆکی لیژنە:

١. سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی و نوسینگەی ڕاپەڕاندن دەکات.
٢. نوێنەرایەتی لیژنە دەکات لەبەرامبەر دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان.
٣. نوێنەرایەتی کردنی لیژنە لەکۆڕ و کۆنفرانسەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.
٤. واژۆکردن لەسەر ڕێکەوتننامەکان و ئەو گرێبەستانەی لەلایەن لیژنەوە بڕیاری لەسەر دراوە پاش ڕەزامەندی نوسینگەی ڕاپەڕاندن بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ.
٥. واژۆکردن لەسەر چەکی پارە و مۆڵەتی خەرجکردنەکانی لیژنە.
٦. ڕێزلێنان لەوەرزشوانان و دەستەی کارگێڕی و کارمەندانی بواری ئۆڵمپی بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی نوسینگەی ڕاپەڕاندن دایدەنێ.
٧. هەر ئەرك ودەسترۆییەکی دیکە کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاریدەکرێت.

چوارەم/ سەرۆك،جێگرێك یان زیاتری دەبێت وپیادەی ئەو دەسترۆییانە دەکات کە سەرۆك بەپێی پەیرەوی ناوخۆپێی دەدات.

## بەشی سێیەم

## پێکهاتەی لیژنە

**ماددەی (٥)**

لیژنە لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت، کۆمەڵەی گشتی ونوسینگەی راپەڕاندن.

لقی یەکەم

کۆمەڵەی گشتی

**ماددەی (٦)**

کۆمەڵەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتی لیژنەیە وپێکدێت لە:

١- سەرۆك وئەندامانی نوسینگەی ڕاپەڕاندن.

٢- سەرۆکی یەکێتیە ناوەندییەکانی ئۆڵمپی.

٣- وەرزشکارێك، کە لەنێو ئەوانەی نوێنەرایەتی عێراقیان کردووە لە یەکێك لە سێ کۆتا خولەکانی ئۆڵمپیەهەڵدەبژێردرێت. بەمەرجێك دانیشتووی هەرێم یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بێت.

٤- سەرۆکانی دوو لە یەکێتییە نائۆڵمپییەکان.

دووەم/ ئەرك و دەسڕۆییەکانی کۆمەڵەی گشتی:

١- داڕشتنی سیاسەتی گشتی لیژنە.

٢- هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی نوسینگەی ڕاپەراندن

٣- پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەی وژمێرەی کۆتاییلیژنە .

٤- پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی لیژنە.

٥- پەسەندکردنی ڕاپۆرتی نوسینگەی ڕاپەراندن تایبەت بە چالاکی لیژنەو پلانی کار بۆ ساڵی نوێ.

٦- پەسەندکردنی ژمێرکارییەکانی لیژنە.

٧- پەسەندکردنی راپۆرتی ژمێریاری یاسایی مۆڵەتپێدراو.

٨- پەسەندکردنی راپۆرتی کۆبوونەوەی پێشووی کۆمەڵەی گشتی.

٩- گفتوگۆکردن و بریاردان لەسەر ئەوبابەتانەی نوسینگەی ڕاپەڕاندن بۆی ڕەوانە دەکات.

١٠- هەر ئەرکێکی دیکە کە لەپەیڕەوی ناوخۆدا دیاریدەکرێت.

# لقی دووەم

## نوسینگەی ڕاپەڕاندن

**ماددەی (٧)**

یەکەم/نوسینگەی ڕاپەڕاندن دەستەیەکی جێبەجێکارییە، پێکدێت لە سەرۆك و دوانزە (١٢) ئەندام، کۆمەڵەی گشتی لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵیاندەبژێرێت.

دووەم / ئەرك و دەسترۆییەکانی نوسینگەی ڕاپەڕاندن:

١- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی.

٢- بەڕێوەبردنی کاروبارە تەکنیکی و کارگێڕیی و داراییەکانی لیژنە.

٣- ئامادەکردنی پڕۆژە بودجەی ساڵانەی لیژنە.

٤- جێبەجێکردنی سیاسەتی داڕێژراو لەلایەن کۆمەڵەی گشتی سەبارەت بە نوێنەرایەتی کردنی هەرێم لەخولە هەرێمییەکان و دەرەکییەکان ، یان لەو یارییانەی لەگەڵ تیمی دەرەکیدا دەکرێن لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم و ڕێکخستنی کاروباری پەیوەندیدار بەو بابەتانە.

٥- دانانی بەرنامە بۆ وەرزی وەرزشی بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتییەکان و دامەزراوە وەرزشییەکان.

٦- دانانی بەرنامەو پلانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی لیژنە.

٧- ڕەزامەندیدان لەسەر ئەو گرێبەستانەی بۆ کاری لیژنەپێویستن، بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ.

٨- پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەندو گروپی کار لە شارەزایان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٩- هەر ئەرکێکی دیکە کە لەپەیڕەوی ناوخۆدا دیاریدەکرێت.

## بەشی چوارەم

## ئەندامێتی

**ماددەی (٨)**

سەرۆك و ئەندامانی نوسینگەی ڕاپەڕاندن پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدابێت:

یەکەم/ عێراقی بێت، لە دانیشتوانی هەرێم یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

دووەم/ تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەم/ لانی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان بەرامبەری هەبێت، وخزمەتی لە بواری وەرزشی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

چوارەم/ بە تاوانێکی ئابڕووبەرحوکم نەدرابێت.

## بەشی پێنجەم

## دارایی لیژنە

**ماددەی (٩)**

یەکەم/داهاتەکانی لیژنە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:-

١- هاوکاریوپێدراوە داراییەکانی حکومەت.

٢- دیاری و بەخشینە پێشکەشکراوەکان بۆ لیژنەلە چوارچێوەی یاسادا.

٣- داهاتی خول و پالەوانێتییەکان کەلەلایەن لیژنەوە ڕێکدەخرێن.

٤- مافی دارایی پەخشی خولەکان و ڕاگەیاندن و چالاکیەرێکخراوەکان بۆ لیژنە.

٥- ئەو پێدراوە داراییانەی لەلایەن دەستە وەرزشییە عێراقی و هەرێمییەکانلە چوارچێوەی یاسادا پێشکەشی لیژنە دەکرێن.

٦- داهاتی وەبەرهێنانی مایەکانی لیژنەبەپێی یاسا.

دووەم/ داهاتی نەختینەیی لیژنە تەنها لە بانکە ڕێگەپێدراوەکان لە هەرێم دادەنرێت، وپێویستە لیژنە لەکاتی گۆڕینی ئەو بانکەی پارەکەی تێدا دانراوە، لەماوەی یەك هەفتەدالایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی (١٠)**

ژمێریاریی سەرجەم داهاتەکانیلیژنە ملکەچ دەبێ بۆ چاودێریی و وردبینیی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.

بەشی شەشەم

حوکمەگشتییەکان

**ماددەی (١١)**

وەرزشوانانی فەرمانبەر وکارمەندی دەزگا فەرمییەکان وخوێندکار،بە خۆتەرخانکەرئەژماردەکرێن لەو ماوانەی نوێنەرایەتی هەرێم دەکەن لە بۆنەو خولە وەرزشییەکان و کەمپە فەرمیەکانی مەشق وڕاهێنان، لە پاڵەوانێتیەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

**ماددەی (١٢)**

لیژنە لۆگۆو باجی ئۆڵمپی باوەڕپێکراوو ڕێگەپێدراو بەپێی حوکمەکانی پەیماننامەی ئۆڵمپی بەکاردێنێت.

**ماددەی (١٣)**

دیاریکردنی میکانیزمی بەستنی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی و نوسینگەی ڕاپەراندن و بەڕێوەبردنی کارو ئەرکەکانیان و ڕێژەی یاسایی و میکانزمی دەنگدان وهەڵبژاردن به پەیڕەوی ناوخۆ دیاریدەکرێت.

**ماددەی (١٤)**

سەرۆك بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٥)**

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی(١٦)**

کار بەدەقی هیچ یاسا یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی (١٧)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆكارەكانی دەرچواندن

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی سێكتەری وەرزشی ڕۆڵێكی گەورە و كاریگەری هەیە لە ژیانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری،وبە مەبەستی فەراهەمكردنی زەمینەی یاسایی گونجاو بۆ لیژنەی ئۆڵمپی كوردستان و پێدانی پانتایی زیاتر بۆكارو گەشەسەندن، ولەپێناو ئامادەكردنی وەرزشوانان و پەرەپێدانی توانا جەستەیی و هزریەكانیانبەجۆرێك كە ئامادەیی كێبڕكێی هەرێمی و دەرەكیشیان هەبێت،و لەبەر پێدانی هەل بەگشتی بۆ گەنجانی كوڕان و كچان بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ڕۆڵی هەرێمی كوردستان لەبەشداریكردن لە هەموو چالاكییە وەرزشیەكان لە ڕێگەی دامەزراوەیەكی وەرزشی بالاّ و سەربەخۆ وبە هاوكاری و پشتگیری لیژنەی ئۆڵمپی نیشتیمانی عێراقی ولەپێناو بەرجەستەكردن و بلاوكردنەوەی بنەما ئۆڵمپیەكان لە نێو وەرشوانان وپێویستی هەبوونی یاسایەكی گونجاو لەگەڵ پرەنسیپەكانی دیموكراسی و پەیماننامەی ئۆڵمپی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.